کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-2-2007 21:44 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# گۆرانی بێژەکان بوون بەفەلاح!! ... ئازاد جەلال



لەدوالاپەڕەی ڕۆژنامەی میدیاو لەسێ ژمارەی جیاوازدا ئەم هەوالانەم خوێندەوە، هەڵبەت هەواڵەکە وەك خۆی نەقڵ ناکەم، بەلام ئەگەر خوێنەر گومانی لەڕاستی هەواڵەکە هەیە، با سەردانی ژمارەکانی (273، 274،275) ی ڕۆژنامەی ناوبراو بکات، من نازانم دۆنم چەندە، وەلێ لەکاتی نووسینی بابەتەکەدا، پرسیارم لەهاوپیشەیەکم کرد، کەسەرودەری لەکاری جووتیاریداهەبوو، لەوەلامدا وتی: (یەك دۆنم زەوی 2500 مەترە)

زۆر بەکورتی (لەیلافەریقی 2500مەتر زەوی وەرگرت) (پەیوەند جاف 3100 مەتر زەوی وەرگرت) (شڤان پەروەر 3000 مەتر زەوی وەرگرت)

ئەمە لەکاتێکدایە کەبەپێی ئاماری کۆمەڵەی کرێچییەکانی کوردستان زیاتر لە 8000 هەزار کرێچی لەسلێمانی هەیە و لەهەولێریش لەوەتەی ئیدارە بوەتەوە بەیەك زۆربەی خاوەن ماڵەکان،خانووەکەی خۆیان داوە بەدەزگایەکی حکومی و بوونەتەوە بەکرێچی، لەسلێمانی بەپێی ڕاگەیاندنی لێپرسراوێك زەوی نەماوە، بۆ ئەو هاوولاتیانەی کەناویان دەرچووە بۆ ورگرتنی زەوی، وەك دەڵێن 12000 هەزار هاوولاتی حالی حازر بەپێی خاڵ مافی وەرگرتنی زەویان هەیە، لەهەولێریش نەوزاد هادی دەرێ: 10000 هەزار زەوی هاولاتیان قەرزارین کەبیان دەینێ، لێرەدا دەبێت ئەو پرسیارە بکەین کەداخۆ ئەو هونەرمەندە بەڕێزانە ئەم هەموو زەویەیان بۆچی بێت؟ ئەمە پرسیارێك بوو ئاراستەی هاورێکانم کرد یەکێکیان وتی: بەڕای من ڕەنگە وەکو هونەرمەند زەکەریا بیکەن بە (شوقە) هاورێیەکی ترم وتی: ڕەنگە حکومەت حسابی فەلاحی بۆ کردبن، دواجار تراکتۆریش وەربگرن و سیناریۆی گۆرانیەکانیانی تێدا بکەن و تەقلیدی گۆرانی شەماڵ سائیبی تێدا بکەنەوە کەدەڵێ:ئەرە لەیلێ ئەرە لەیلێ ... هاهاها!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.